# چۆنیەتی کاراکردنی پەرلەمان

**پەرلەمانتار: هیوا میرزا سلیر**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەڕێز/ سەرۆکی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان

بەڕێزان/ دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان

بەڕێزان/ پەرلەمانتارەکان

السلام علیکم ورحمە اللە وبرکاتە...

داوام بەختەوەریو سەرکەوتننتانە، بەڕێزان پەرلەمانتاریو نوێنەرایەتی خەڵکی ئەرکو ئەمانەتو بەرپرسیارێتییەکی مێژووییەو، پاراستنو ڕاپەڕاندنی بەشێوەیەکی چاکو لە ئاستدابوو، بەرنامەو میکانیزمو لێبڕانو ئیرادەیەکی بەهێزی پێویستە. بۆیە دەخوازین ئێمە کاتێکی زیاتر بۆ بەرنامەی کاراکردنی ئەم پەرلەمانە دابنێینو، ئاگاداری ئەو ڕاستییە بین کە هەموو پێشەکییەکی باش دەرەنجامی باش دەبێتو بە پێچەوانەیشەوە.

لەم ڕوانگەیەوە وەك ئەندام پەرلەمانێك، پێشنیارەکانم لە سێ تەوەرەی سەرەکیدا ئاڕاستەی ئێوەی بەڕێز دەکەم:

١-دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان کە ڕۆڵی سەر دەبینێت بۆ جەستەو، ڕێژەیەکی زۆر هۆکارەکانی سەرکەوتن بەوانەوە پەیوەستە، بۆ ئەم بەڕێزانە ئەم پێشنیارانەم هەیە:

* ئاگا لەیەکبوونو تەباییو هاوکارییو پیادەکردنی بنەماکانی (ڕاوێژو شەفافیەتو گیانی فەریقو تەواوکاری) لەنێوان خۆیانداو لەگەڵ پەرلەمانتارەکاندا.

* لەخەمابوونی بەردەوام بۆ کاراکردنی ئەم پەرلەمانەو میسداقییەت پێدانیو پاراستنی لەڕۆتینو بێ دەسەڵاتیو بێناوەڕۆکیو دەستێوەردانی حیزبی.

* هەوڵدان بۆ پابەندبوونو پیادەکردنی پێڕەوی ناوخۆو، ئەرکو پەیامی پەرلەمان لەم قۆناغەداو، دووری گرتن لە هەموو جۆرە (خرق)ێکی یاسایی.

* بەرنامەدانان بۆ کاراکردنی پەرلەمانتاران بەڕاپەڕاندنی ئەرکیان لە ڕێگەی لیژنەکانەوەو، هاندانو دڵخۆشکردنیانو، لێپرسینەوەو بەدەمەوەبوونیانو حیسابی جیدی کردن بۆ ڕاو سەرنجو پێشنیازو داواکانیان بەبێ جیاوازی.

* ڕێزنان لەکاتو (موعد)ەکانو دوانەکەوتنو، پیادەکردنی بنەماکانی ئیدارەی سەرکەوتوو بەگشتی.

* سنگ فراوانیو گەورەیی گیانی ڕەخنە قبوڵکردنو پیادەکردنی عەدالەتو یەکسانیو دووری گرتن لە لایەنگیری حیزبایەتی.

* ئاگاداری تەواو لە واقیعی پەرلەمانو پەرلەمانتارانو کرانەوە بە ڕوویانداو ئاگادارکردنیان لە هەموو ڕووداو زانیارییەکی تایبەت بەکارو ئەرکیانو دووری گرتن لەمامەڵەو (سیاسەتی بانێکەو بریتییە لە:

* یەکترناسینو بەرجەستەکردنی گیانی (برایەتیو تەباییو خۆشەویستیو ئاگا لەیەکبوونو بەدەم یەکەوە بوون).

* بەهێزکردنی گیانی ئەمانەتداریو نوێنەرایەتیو بەرپرسیارێتیو ڕاپەڕاندنی ئەرکو پەیامان بەجوانترین شێوەو خۆڵانەدان لە مەسئولییەت.

* بڕیاری ئەوە بدەین لە پەرلەماندا نوێنەری میللەت بین نەك نوێنەری حیزب، بەرژەوەندی گشتیی بخەینە پێش بەرژەوەندی تاكو حیزبەوە، پاراستنی حەرەمی پەرلەمانو بڕیارو پرۆژەکانمان لەدەست تێوەردانو قۆرخکاری حیزب.

* هۆشیارو ئاگاو ئەمیندارو ئازاو بوێرو وریاو خاوەن ئیرادەبینو، هەمیشە لەبەرەی جەماوەردابوونو پارێزەرو چاودێرێکی ڕاستەقینەو دڵسۆزی ئەمانەتو دۆزو داواو خواستەکانی میللەت بین.

* پەرلەمانتارەکان سەردانی دەڤەرەکان بکەنو لە ڕێگەی کۆڕوکۆبوونەوەی گشتییو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەگەڵ جەماوەر بدوێنو ڕاستەوخۆ ئاگاداری داواو پێشنیارو گرفتو ڕەخنەکانیان بن.

* ڕێزنان لە یاساو پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمانو بەڵێنو میسداقیەتو ئەرکەکانمانو، ماندوونەناسیو کاراکردنی لیژنەکانو پێچانەوە لەکارو پرۆژەکانی وەزارەتەکان.

* هەوڵدانی بەردەوام بۆ چاکسازیو گۆڕانکاریو چارەسەری گرفتو گەندەڵییەکانو بەرجەستەکردنی مافەکانی هاوڵاتی بوون.

* ئاگاداری تەواو لە واقیعی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابووریو ڕۆشنبیری هەرێمو عێراق بەگشتییو دانەبڕان لە دونیای دەوروبەرو، سوود وەرگرتن لە هۆکارەکانی سەردەم.

* هەر پێشنیارو بیرۆکەو پرۆژەیەك کە ئاراستەی ئەم پەرلەمانەدەکرێت، خزمەتی بەرژەوەندی گشتیی تێدا بێت، بە بێ ڕەچاوکردنی ئەوەی لە کێوچ لایەنێکەوە پەسەندی بکەین.

* ڕێزنان لە بیروبۆچوونو قەناعەتەکانی یەکترو دووری گرتن لە هەر وشەو پێهەڵسانێك کە ئازاردانی بەرامبەری تێدابێت.

٣-پێشنیارەکانم بۆ پەرلەمان بەگشتیی:

* پەرلەمان ئیشە سەرەکییەکانی خۆی لە (١-یاسادانانو ٢-چاودێریو لێپرسینەوە) جێبەجێ بکات.

* دروشمو بەڵێنی (یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارە) لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکاندا، جێبەجێ بکەینو داوا لە هەردوو حیزبو هەردوو حکومەت بکەین لە نزیکترین کاتدا چارەسەری گرفتەکانیان بکەن.

* کارکردن بۆ چەسپاندنی یاساو حیزبەکانو کۆمەڵەکانو سەندیکاکانو قوتابییانو چینو توێژەکانی ناو کۆمەڵگەدا بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوە سازبدات.

* کارکردن بۆ گەڕانەوەی متمانەی جەماوەر بۆ هەرسێ دەسەڵاتی (یاسادانانو ڕاپەڕاندنو دادوەریی) لە کوردستانداو میسداقیەتدان پێیان.

* کارکردن بۆ کۆتایی هێنان بەدەستێوەردانی حیزبی لەکارو ئەرکو پەیامو دەسەڵاتی (پەرلەمانو حکومەتو قەزا).

* زیادکردنی چەند لیژنەیەك لەوانە (لیژنەیەك تایبەت بە گوندو لادێکانی کوردستان، لیژنەیەك تایبەت بە دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، لیژنەیەك تایبەت بەلاوانو وەرزش، لیژنەیەك تایبەت بە ئەنفالکراوەکانو کیمیابارانکراوەکانی کوردستان).

* دەعوەتێك ئاڕاستەی هەردوو بەڕێز سەرۆکی هەرێمو سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ بکەینو لەنزیکەوە لە بارەی دۆزە چارەنووسسازەکانەوە لەگەڵیان قسەبکەینو لەم ڕێگەوە چارەسەری قەیرانەکان دیاری بکەین.

* پەرلەمان مانگانە یان دوومانگ جارێك دانیشتنی لەگەڵ سەرۆکی هەرێم هەبێت.

* چارەنووسی ئەم میللەتو هەرێمە بە بڕیاری پەرلەمانەوە ببەسترێت نەك بەبڕیاری مەکتەبی سیاسی حیزبەکانەوە بۆ ئەمەیش دەعوەتیان ئاڕاستە بکەین بێنە پەرلەمانو با لەم حەرەمە پیرۆزەدا کۆتایی بە ناکۆکیو گرفتەکان بهێنرێتو لەمە زیاتر تەمەنی دووپارچەیی هەرێمو حکومەت درێژە نەکێشێت.

* پیاچوونەوەو داڕشتنەوەی پێڕەوی ناوخۆی پەرلەمان.

* کردنەوەی نوسینگە بۆ پەرلەمانتارەکانمان لە دەڤەرو ناوچەکانی هەرێمدا.

* بەدەمەوەبوونی جیددی پەرلەمانی کوردستان بۆ یەکلایی کردنەوەی چارەنووسی کەرکوكو ناوچە ئازادکراوەکانو دیاریکردنی لیژنەیەك بۆ بەدواداچوونی هەرچی زووتری جێبەجێ کردنی بڕیاری (٥٨).

* چاودێریو لێپرسینەوەو بەدواداچوونی کارو پرۆژەکانی وەزارەتەکانو بانگهێشت کردنی وەزیرەکان بۆ پەرلەمان.

* پەخشی ڕاستەوخۆی دانیشتنەکانی پەرلەمان لە ڕێگەی میدیاکانەوەو بوونی کەناڵێکی نیشتمانیو تایبەت بە پەرلەمانەوە.

* داکۆکی کردن لە ئاینو کەلتوورو بەها باڵاکانو یەکڕیزیو تەباییو فرەییو ئازادی بەرژەوندییە گشتییەکانی ئەم هەرێمە.

* کارکردنی پەرلەمان بۆ چارەسەری لە ڕێگەی یەکخستنەوەی حکومەتەوە.

* ئاگاداری پەرلەمانو زانیاری تەواوی لە بارەی سەرچاوەکانی داهاتی حکومەتی هەرێمو میزانییەی حکومەتو وەزارەتەکانو پرۆژەکانیانو لیژنەکان سەردانی وەزارەتەکان بکەنو داوای ڕاپۆرتیان لە بارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کارو پرۆژەکانیان لێ بکەن.

بوونی میزانییەیەکی دیاری کراو بۆ پەرلەمان لە میزانییەی هەرێمو سەربەخۆبوونی پەرلەمان لەڕووی داراییەوە.

* گرنگی دان بەلایەنی پاراستنی ئاسایشی پەرلەمانو پەرلەمانتارانو گرتنەبەری ڕێگەو میکانیزمی شیاو لە ئاستدابوو لەم لایەنەوە.

* بەهێزکردنی پەرلەمانتاران بە ڕێزنان لە (صلاحیاتو ئەرکەکانیان)و دەست بەرکردنی پێویستییەکانی هەڵسان بە ئەرکەکانیانو ئاسانکاری بۆ کردنیان، چونکە بەهێزبوونی پەرلەمان لە بەهێزبوونی پەرلەمانتارەکانیەوەیە.

* بەڕەسمی کردنی پۆشاکی کوردی لەکاتی دەوامدا لەناو دەزگاکانی حکومەتدا لەڕێگەی دەرکردنی یاسایەکەوە.

* دانانی دەستورێك بۆ هەرێمی کوردستان.

* بەرجەستەکردنی شەفافیەتو ڕاشکاویو ڕەخنەگرتنو دەست خستنە سەر خاڵە لاوازەکان بە مەبەستی چاکسازیو گۆڕانکاریو گەشەپێدان.

* پاراستنی سەربەخۆیی پەرلەمان لە بڕیارو هەڵوێستەکانیدا.

* هەموو بڕیارو یاساکانی پەرلەمان لەکاتی بڕیارەکەداو ناوەڕۆكو داڕشتنی دەقەکەی پەسەند بکرێتو نەدرێتە دەست لیژنەی پێداچوونەوە.

* پەرلەمان لەسەر ڕووداوەکانی ناوخۆیی هەرێم بەتایبەتو دەرەوەی بەگشتی قسەی هەبێتو بەشێك لە دانیشتنەکانی پەرلەمان تایبەت بێت بەژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانو گرفتو داواکانیانەوە.

* هەموو کارو پێهەڵسانو هەڵوێستو ڕاگەیاندنێك کە بەناوی پەرلەمانی هەرێمی کوردستانەوە بێت پێویستە بەئاگاداریو ڕەزامەندی پێشینەی پەرلەمان بێت، چونکە ئەگەر وانەبوو شەرعیەتی نابێت.

* سوود وەرگرتن لە ئەزموونی پەرلەمانتارانو پەرلەمانەکانی وڵاتانی پێشکەوتوو ئەگەر بکرێت سەردانو دەعوەتیان بکەین.

لەگەڵ ڕێزدا

**وێنەی بۆ /**

**-پەرلەمانتارە بەڕێزەکان.**

**- دۆسیەی تایبەت**